ئەی بیلال، پێم بڵێ بەهیوادارترین کردەوەت لەلات کامەیە کە ئەنجامت داوە لە دوای موسڵمانبوونت

ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی نوێژی بەیانیدا بە بیلالی فەرموو: «ئەی بیلال، پێم بڵێ بەهیوادارترین کردەوەت لەلات کامەیە کە ئەنجامت داوە لە دوای موسڵمانبوونت، چونکە من گوێم لە دەنگی نەعلەکانت بوو لە پێش خۆمەوە لە بەهەشتدا»، ئەویش ووتی: هیچ کردەوەیەکم نەکردووە کە بەلای منەوە جێی هیوا بێت؛ هێندەی ئەمەی کە هەر کاتێک لە شەو یان ڕۆژدا دەستنوێژم گرتبێت یەکسەر دوای ئەوە نوێژم کردووە بەو شێوەیەی کە بۆم نووسراوە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە خەودا بینی کە لە بەهەشتدایە، بە بیلال کوڕی ڕەباحی فەرموو: پێم بڵێ سەبارەت بەهیوادارترین کردەوەی سوننەت کە لە ئیسلامدا ئەنجامتداوە؟ چونکە من گوێم لە دەنگێکی نزمی نەعلەکانت بوو لە بەهەشتدا؛ کاتێک دەجووڵان بەهۆی ڕۆیشتنت لە پێشمەوە. بیلال ووتی: هیچ کردەوەیەکم نەکردووە کە بەلای منەوە جێی هیوا بێـت زیاتر لەوەی ئەگەر لە هەر کاتێکی شەو یان ڕۆژدا دەستنوێژم شکا بێـت؛ دەستبەجێ دەستنوێژم گرتووەتەوە، پاشان بەو دەستنوێژە نوێژم ئەنجامداوە بۆ پەروەردگارم؛ لە نوێژە سوننەتە ڕەهاکان بەو شێوەی کە بۆم نووسراوە (مەبەستی نوێژی سوننەتی دەستنوێژە؛ کەمترینی دوو ڕکاتە وسنووردار نەکراوە).

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65849